# کورتەیەک دەربارەی
# مێژووی کتێب و کتێبخانە و پۆلێنکردن

ئارام مەجید شەمێرانی
(هەڵەبجە)

(٢ - ٢)

## پۆلێنکردن

وشـەی پۆلێـن (التصنیف) لە وشـەی (classification)ی ئینگلیزییـەوە وەرگیـراوە، لـە بنەمـادا وشـەیەکی لاتینییـە و دارێـژراوە، مانـا و دەربڕینەکـەی، یـان هێماکـەی بـۆ گـرووپ و دەسـتە و چیـن و توێژێکـە، واتـە (class) کە کۆمەڵگـەی لێ پێک دێت، چونکە کۆمەڵگە بەپێی هەنـدێ بنەمـا دەکرێـت بـە چیـن و توێـژی جیـاوازەوە، هەروەهـا (class) بەمانـای پـۆل و گـرووپ دێـت و کۆمەڵـە شـتێک دەگرێتـەوە، کـە یـەک سیفەتی هاوبـەش و چونیەکـی لەنـاو خۆیانـدا هەڵگرتـووە، واتـە سـیفەتە سـەرەکییەکە لـە هەمـوو بـەش و پێکهاتەکانـی بەشـدارە، کەواتـە لـەکاری پۆلێنکردنـدا بابەتـە لێکچـووەکان لـە شوێنێکدا کۆدەکرێنـەوە و بابەتـە جیاوازەکانی تر لەخۆیان دوور دەخەنـەوە، بەدڵنیاییـەوە وشـەی پۆلێـن وشـەیەکە بـۆ پرۆسـەی ڕێکخسـتنی بابەتـەکان (بیروبۆچونـەکان، سـەرچاوە، کەلوپـەل) دەگونجێـت، بۆیـە پۆلێنکردنـی کتێـب و سـەرچاوەکان بریتییـە لـە هونـەری دۆزینـەوەی بابەتـی سـەرەکی هەمـوو چاپکراوەکان و دانانی هێمایـەک لـە خشـتەکانی پۆلێـن، ئـەو هێمایـەی لـە پۆلێنـی دیـوی بەکاردەهێنرێـت لـە ژمـارەدا خـۆی دەبینێتـەوە و ئامـاژە بـە بابەتـی کتێـب و سـەرچاوەکان دەکات (٣٥).

پۆلێنکـردن لـە زمانەوانیـدا بریتییـە لـە جیاکردنەوەی بابەتــەکان لەیەکتــر (٣٦) و لــەڕووی زاراوەییــەوە پۆلێـن، واتـە ڕێکخسـتنی زانیارییـە لەیەکچـووەکان، لـە ڕووی بابەتـەوە لـە شـوێنێکی دیاریکراو و بەهێمایەکـی تایبـەت (٣٧).

پۆلێـن گرنگتریـن پرۆسـەی هونەرییـە کـە لەگـەڵ کتێبـدا دەکرێـت (٣٨) و بەبنچینـەی کارە سـەرکەوتووەکانی کتێبخانـە دادەنرێـت (٣٩) و جێگەیەکی دیار و گرنگی لە زانسـتەکانی کتێبخانە و زانیاریـدا هەیـە، لەبـەر ئـەوەی کاری ڕێکخسـتنی سـەرچاوەی زانیـاری و زانسـتی مرۆڤایەتییە، لەبەر ئـەوەش پۆلێنکـردن بەکارێکـی گرنـگ و کۆڵەکـەی کتێبخانـە و بنکـەی زانیارییـەکان دادەنرێـت (٤٠)، لەهەمـان کاتـدا پۆلێنکـردن هونـەری دۆزینـەوەی بابەتـی کتێبـە و بـە هێمـا ئامـاژەی بـۆ دەکرێت،

ئـەو هێمایـە، یـان ژمارەیـە، یـان پیـت و ژمارەیـە بەیەکـەوە، واتــە هــەر بابەتێـک لــە سیسـتەمی دیاریکـراوی پۆلێنکردنـدا هێمـای تایبەتـی خـۆی هەیـە، ئەمـەش وادەکات بابەتـە لەیەکچووەکان لـە شـوێنێکدا کۆببنـەوە، بـە شـێوەیەک هـەر بابەتێـک لەکتێبخانـەدا یـەک شـوێنی دیاریکـراوی هەبێـت، کەواتـە پۆلێنکـردن بایەخدانـە بەناوەرۆکـی بابەتـە رۆشـنبیرییەکە و بەپێـی سیسـتەمێکی تایبەتـی زانسـتەکان رێـک دەخـات و هـەر بابەتـەی هێمـای خـۆی پـێ دەبەخشـێت (٤١).

لـە دیارتریـن پێناسەشـدا، پۆلێـن بریتییـە لـە جیاکردنـەوەی سـەرچاوەکانی کتێبخانـە، بەپێـی بابەتەکانی و سـەرلەنوێ رێکخستنەوەی ئـەم بابەتانـە بەپێـی لێکچـوون و لێـک نزیکییـان لـە بابەتەکانـدا، بـە مەرجێـک لـە بابەتـی گشـتییەوە بـۆ بابەتـی تایبەتـی و لەهەمـان پۆلـدا (٤٢)، بـە واتایەکـی تـر پۆلێـن کۆکردنـەوەی شـتە لەیەکچووەکانـە بـە دانانـی شـتە لەیەکچـووەکان لەگـەڵ یەکتـردا (٤٣)، بەپێـی مەرجەکانی لەیەکترچوونیـان، هەروەهـا جیاکردنـەوەی لەیـەک نەچووەکانـە بەپێـی لەیەکتـر نەچـوون و نەگونجانیـان (٤٤)، لـە پێناسـەیەکی دیکەشـدا، پۆلێـن بریتییـە لـە کۆکردنـەوە و رێکخسـتنی کەرەسـتە لەیەکچـووەکان لەبەشـی دیاریکـراودا بەگوێـرەی خەسـڵەتی لەیەکچوونیـان و جیاکردنەوەیـان لەیەکتـر بەپێـی بابەتەکانیـان، ئەمـەش لەژێـر رۆشـنایی رێبازی دیاریکراوی پۆلێـن دادەنرێـن (٤٥)، کـە بـۆ دەرخسـتن و دۆزینـەوەی بابەتـی کتێـب و سـەرچاوەی زانیـاری و دەستنیشـانکردنی بـە هێمایـەک لـە هێماکانـی سیسـتمی پۆلێنـی بەکارهاتـوو لـە کتێبخانـەدا (٤٦)، کـە بـە هۆیـەوە خوێنـەر لەهـەر شـوێن و ئاسـتێکی خوێندنـدا بێـت بتوانێـت بـەو سـەرچاوانە بـگات (٤٧)، لەهەمـان کاتـدا پۆلێـن بـەکار و چالاکییـە فراوانەکـەی، واتــە کۆکردنـەوەی بابەتـە لێکچـوو و هاوشـێوەکان، یـان دانانـی بابەتـە هاوشـێوە و نزیکـەکان لەیەکـەوە و پێکـەوە، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی سـەرچاوەی کتێبخانـە بـە ئاسـانترین شـێوە و بەکەمتریـن کات بگاتـە دەسـتیان (٤٨)، بەمـەش ئاسـانکاری بـۆ دۆزینـەوەی کتێبـی دیاریکـراو و زانینـی شـوێنەکانیان بەخێرایـی و کەمتریـن کۆشـش ئەنجـام دەدرێـت (٤٩). هـەر لەبـارەی پێناسـەی پۆلێنـەوە مـاری جەمیـل دەڵێـت: پۆلێـن لـە زانسـتی کتێبخانـەدا بەواتـای رێکخسـتنی کتێبەکانـی نـاو کتێبخانـە بەپێـی بابەتەکانیـان، بەجۆرێـک هەمـوو کتێبەکانـی یـەک بابـەت، لەیـەک شـوێن لەنێـو رەفەکانـدا کۆبکرێتـەوە (٥٠).

بەشـێوەیەکی گشـتی پۆلێنکـردن رێکخسـتنە بـۆ گەیشـتن بـە هـەر بابەتێـک لـە بابەتەکانـی رۆشـنبیری بـە شـێوازیکی ئاسـان و خێـرا، بـە واتایەکـی تایبەتیـش بریتییـە لـە دۆزینـەوەی شـوێنی هـەر کتێبێـک، دیاریکردنـی ئـەم شـوێنەش بـە هێمایـەک لـە هێماکانـی پۆلێنکـردن دەبێـت کـە لـە کتێبخانەکانـدا بـەکاری دێنـن، کەواتـە پۆلێنکـردن بە واتـا گشـتییەکەی بریتییـە لـە رێکخسـتنی بابەتـەکان بەپێـی لێکچـوون و جیاوازییـان (٥١).

هـەر لەبـەر ئەمەشـە پۆلێـن بـە دابەشـکردنی لۆژیکیانـەی زانیـاری مرۆیـی، لـە گشـتی تـەواوەوە بۆ گشتی و بۆ تایبەتی و زۆر تایبەتی بۆ ئەوپەڕی تایبەتمەنـد، تـا دەگات بـە بچووکتریـن بەشـی ئـەو زانیارییـە مرۆییـە پێناسـە کـراوە (٥٢)، لـە هەمـان کاتـدا پۆلێـن هونـەری دۆزینـەوەی بابەتـی هەمـوو مەتریاڵێکـی کتێبخانەیـە، بـە هێمایـەک دەردەبڕێـت بـە مەبەسـتی رێکخسـتنی کتێـب و کۆکردنـەوەی کتێبـە لەیەکچـووەکان بـە شـێوەیەک پێوەنـدی بابەتییـان بەیەکـەوە دەرکەوێـت و دانانـی ئـەو کتێبانـەی کـە بابەتەکانیـان بـە رێژەیـەک لەیـەک دەچـن (٥٣).

## مێژووی پۆلێنکردن

مرۆڤ لە کۆنەوە دەرکی بە کرداری پۆلێنکردنی بەرهەمە نووسراوەکانی کردووە لە هەر شوێنێک بووبێت (٥٤). مێژووی پۆلێنکردن زۆر کۆنە، دیاریکردنی سەرەتایەک بۆ مێژووی پۆلێن کارێکی ئاسان نییە، مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گرنگی زۆری بە پۆلێنکردن داوە، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە بەدەستمان گەیشتوون، مێژووی پۆلێنکردن بۆ ٢٧٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە لەسەر تاتە قوڕ ئەنجامیان دابوو، ئەمەش لە کتێبخانەی نیپوور لە میزۆپۆتامیا (٥٥).

نووسین لەسەر ئەم تاتە قوڕانە بە پێنووسێکی نووک کانزایی بووە، یان تەختەدارێکی نووکتیژ، چونکە نووسینەکان لەسەر قوڕەکە، دەبوایە شوێنەکە چاڵ بکەن، ئەم تاتە قوڕینانە پاش وشکبوونەوەیان دەبرانە نێو هۆڵێکی گەورە و بەپێی نووسینەکان جیا دەکرانەوە، دەتوانرێت بوترێت ئەم تاتە قوڕینانە ڕۆڵی کتێبیان بینیوە، چونکە بەسەدان وشە لەسەر یەک تاتە قوڕ نووسراون (٥٦).

وەک وترا پۆلێن گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ژیانی ئێمە پڕە لە نموونەکانی پیادەکردنی پۆلێن، بەبێ ئەوەی پێیان بزانین، یان هەستی پێ بکەین، ئەوەتا ئێمە لە ماڵەکانماندا ژووری میوان و نانخواردن و نووستن دیاری دەکەین، دەرمانسازیش دەرمانخانەکەی ڕێکدەخات و جێگەی تایبەت بۆ هەر جۆرە دەرمانێک دیاری دەکات، بۆ ئەوەی بەزووترین کات بیاندۆزێتەوە (٥٧)، تەنانەت بینای قوتابخانەیەک بەپێی بەکارهێنان دابەش دەکرێت، ژوورێک بۆ بەڕێوەبەر و ژوورێک بۆ مامۆستایان و بۆ تاقیگە و بۆ قوتابخانە و وانە وتنەوە و ئەم ڕێکخستنە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و چالاکییەکانی قوتابخانە (٥٨)، لە قوتابخانەکاندا بە شێوەیەکی گشتی، پۆلێنکردن بەچەمکی نوێوە، لەم سەدانەی دواییدا و لە سەدەی پازدە بەم لاوە داهێنرا و گەشەی سەند و بەردەوام بەهۆی زیادبوونی کتێبەکان و زۆربوونی پێداویستییەکان بەرەو پێشکەوتن ڕۆیشتووە (٥٩).

مێژووی پۆلێنکردن مێژووی هەوڵدانی ڕێکخستنی بیری مرۆڤە، هەر لەو کاتەوەی هەستی بە دەوروبەری کردووە و بەشەکانی سروشتی لەیەک جیاکردەوە سەرەتا و بنەمای پۆلێنکردنی هێناوەتە کایەوە، کەواتە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ هەوڵی داوە سیستمێکی تایبەتی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شتەکانی سروشت بەیەکەوە ببەستێتەوە و هەوڵی تێگەیشتنیان بدات و پێوەندی لەنێوانیاندا بدۆزێتەوە (٦٠).

## سوود و ئامانجەکانی پۆلێنکردن

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گرنگی زۆری بە پۆلێنکردن داوە (٦١) و لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە بۆ نێو ڕەفەی کتێبخانەکان، پۆلێنکردن سوود و ئامانج و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە گرنگی و بایەخی تایبەتی بە پۆلێنکردن بدرێت و ئەو گرنگییەش لەبەرچاو بگیرێت، چونکە پۆلێن تەنیا کتێب و زانستەکانی ناوی ناگرێتەوە، بەڵکوو لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر بەکارهێنانی دیکەی هەیە، ماڵ پێویستی بە پۆلێن هەیە، هەروەها پێشانگە و بازاڕەکان، سۆپەرمارکێتەکان بابەتەکانیان پۆل پۆل کردووە بە جۆرێک بابەتی لەیەکچوو بە تەنیشتی یەکەوەن، بەبێ پۆلێنکردن سەردانی بازاڕەکان ئاسان نابێت و چێژی لێ وەرناگیرێت، لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا خوێندنگەکان و مامۆستاکان و خوێندکارەکان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان پۆلێن کراون (٦٢)، هەروەها

دەرمانسازەکانیش لە دەرمانخانەکاندا بەپێی ئەو نەخۆشییانەی دەرمانیان بۆ دەنووسن، یان بەپێی کۆمپانیای دەرمانەکە تەواوی دەرمانەکانیان لەسەر ڕەفەکانیان ڕێک دەخەن (٦٣)، ئەمانەش چەند نموونەیەکی گرنگی پۆلێنکردنن لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

پۆلێنکردن نەک بە تەنیا لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان پێویست و گرنگە، بەڵکوو گرنگی و بایەخ و پێویستی و پۆلێن زیاتر لە کتێبخانەکاندا دەردەکەوێت، چونکە بەهۆی کاری پۆلێنەوە سەرچاوەکانی کتێبخانە لەڕووی بابەت و نزیکی و دوورییان لە هەمان پۆل و بابەت لەنێو ڕەفەکانی کتێبخانە ڕێک دەخرێن، سوود و ئامانج و گرنگی پۆلێن لێرەدا دەردەکەوێت کە دەبێتە کارئاسانییەکی باش و یارمەتیدەر بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانە و هاوکارییەکی باشیشە بۆ خوێنەران و توێژەران کە بە ئاسانی لەنێو کتێبخانەکاندا دەستیان بە بابەت و سەرچاوەی گرنگ و پێویست دەگات.

پۆلێنکردن سوودی گەورەی بۆ هەریەک لە (خوێنەر، توێژەر، خوێندکار، مامۆستا) هەیە، کە دەبێتە ئاسانکاری لە دۆزینەوەی هەر کتێبێکدا کە بیەوێت (٦٤)، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو هێمایەی سەر کتێبەکە ئاماژەی پێ کراوە کە شوێنی کتێبەکە لەسەر ڕەفەکان دیاری دەکات (٦٥). پۆلێن بە بنچینەی کارە سەرکەوتووەکانی کتێبخانە دادەنرێت، کتێبخانە پێویستییەکی زۆری بە پۆلێنکردنی سەرچاوەکانی هەیە، پۆلێنێکی هونەرییانە تا خوێنەران و توێژەران بە ئاسانی و خێرایی بگەنە سەرچاوەکای کتێبخانە (٦٦).

ئامانجی سەرەکی پۆلێنیش گەیشتنی خوێنەرانە بەو سەرچاوانەی لە کتێبخانەدا هەن بە ئاسانترین شێوە و کەمترین ماوە (٦٧)، لەم بارەیەوە مارگارت مانی شارەزای کتێبخانەکان دەڵێت: (ئامانجی پۆلێنکردن ئەوەیە کە کۆمەڵە کتێبەکان بە چەشنێک سیستەم بکرێن کە هەر کتێبێک بەئاسانی بدۆزرێتەوە) (٦٨).

پۆلێن زۆر کار لە کتێبخانە دەکات، کە دەبێتە بنەمای کاری ڕێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە بە مەبەستی بەکارهێنانیان، لەهەمان کاتدا کارئاسانی بۆ توێژەران دەکات بە پێدانی زانیاری بۆ گەیشتن بەو بابەتانەی کە مەبەستیانە بە ئاسانترین شێوە لە کاری خواستندا، لەهەمان کاتدا پۆلێن بۆ کۆکردنەوەی کتێب لە بابەتێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو کار دەکات و ئەو بابەتانەی لێکدەچن لەیەکیان نزیک دەکاتەوە (٦٩)، بەمەش سنوورێکی ڕوون بۆ سەرچاوە و لقە جۆراوجۆرەکانی زانین دادەنێت و ڕێگری لە تێکەڵبوونی کتێبەکانی کتێبخانە لەگەڵ یەکتردا دەکات (٧٠).

ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی پۆلێنکردن، ڕێکخستنی بەرهەمەکان و کەرەستەکان و سەرچاوەکانی کتێبخانەیە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت ئەو کتێبانەی کە پێویستە لەنێو کۆمەڵە کتێبەکاندا بەخێرایی و بەئاسانی بدۆزرێنەوە، بە واتایەکی دیکە ئامانجی پۆلێنکردن ئامادەکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵە کتێب و کەرەستەکانی کتێبخانەیە بۆ کەڵکوەرگرتن بە چەشنێک، کە بەبوونی کەمترین زانیاری سەبارەت بە کتێب، یان بەرهەمێک بتوانرێت بە ئاسانی و بە خێرایی بدۆزرێتەوە (٧١)، لەگەڵ ئەوەشدا پۆلێن سوودێکی گرنگی بۆ پسپۆڕی کتێبخانە هەیە، چونکە پرۆسەی پۆلێن زەمینەی بۆ دەڕەخسێنێ کە خزمەتی خوێنەران بکات بە وەڵامدانەوەی داخوازییان لە کەمترین ماوەدا، بێ ئەوەی بەهیچ جۆرێک کاتیان بە فیڕۆ بدات (٧٢)، لەهەمان کاتدا تێگەشتن لە سیستەمی پۆلێنی بەکارهێنراو لە کتێبخانەدا و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی کارێکی یەکجار

پێویستە بۆ سەرجەم کارمەندانی کتێبخانە تا بتوانن کتێبەکان بگەیەننە شوێنی خۆیان و بە ئاسانیش لەنێو ڕەفەکاندا بگەڕێنەوە سەریان (٧٣)، واتە ڕێگەیەکە بۆ گەڕانەوەی کات لەکاتی دەرهێنانی کتێب و گەڕانەوەی بۆ جێگەی خۆی بە وردی و بەپێی بابەتەکان (٧٤). کەواتە ئامانج لە پۆلێنکردن ڕێکخستنی کتێبەکانە بە شێوەیەک کە بتوانرێت بە ئاسانی بەدەست بهێنرێت، بەمەش کات و هەوڵی پێویستیان بۆ دەگەڕێنێتەوە (٧٥).

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران، یەکێکی دیکە لە سوود و ئاماجەکانی پۆلێن ئەوەیە هاوکار و دەستبارێکی باشە بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانە، کە دوای گەڕانەوەی کتێبەکان لەلایەن خوێنەران و توێژەرانەوە، بە ئاسانترین شێوە و لە کەمترین کاتدا کتێبەکان دەخرێنەوە شوێنی خۆیان لەنێو ڕەفەکاندا، چونکە پۆلێن دەستبارێکی باش بووە بۆ جیاکردنەوەی بابەتەکانی کتێبەکان و جیاکردنەوەی سەرچاوە و بەشەکان لەنێو ڕەفەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی پۆلێن سوود و ئامانجی گرنگی بۆ کتێبخانە هەیە، وەک وتراوە پۆلێن و کتێبخانە دوو ڕووی یەک دراون و پۆلێن دەبێتە هۆی ڕێکخستنی سەرچاوەکانی نێو ڕەفەی کتێبخانەکان و بەرچاو ڕۆشنی زیاتر بە ئارەزوومەندانی کتێب و توێژەران دەدات و گەڕانەوەی کاتی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی لەنێو کتێبخانەدا بەدوای سەرچاوەکاندا دەگەڕێن.

## پەراوێزەکان:

٣٥ - ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی، شاهۆ عوسمان: زانستی پێرست و پێڕستکاری کتێب، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، ٢٠١٧، ل١٥٦-١٥٧؛ عبدالله مشعل عبیدات واخرون: أسس الفهرسة والتصنیف، دار المیسر للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، الاردن، ٢٠٠٢، ص١١٣.

٣٦ - وزارة الثقافة: مختصر التصنيف في المكتبات ونظام ديوي العشري، منشورات وزارة الثقافة- مديرية المراكز الثقافية، سورية، ٢٠١١، ص٨.

٣٧ - شێرزاد سەعید محەمەد: لە بازنەی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکاندا، چاپخانەی کارۆ، بێ چاپ، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٢.

٣٨ - فەهیم مستەفا: پۆلێنی کتێب، و: یاسین قادر بەرزنجی، چاپخانەی شەهاب، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٦.

٣٩ - د.ربحي مصطفی علیان، د.امین النجداوي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠.

٤٠ - شاهۆ عوسمان: دەروازەیەک بۆ زانستی کتێبخانەکان و سەنتەری زانیاری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

٤١ - کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

٤٢ - شێرزاد سەعید محەمەد: لە بازنەی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

٤٣ - کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان: سەرچاوەی پشوو، ل١٨٣؛ وزارة الثقافة، المصدر السابق، ٨ .

٤٤ - فەهیم مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦؛ د.ربحي مصطفی علیان، د.امین النجداوي: ل٢٤٩.

٤٥ - فەهیم مستەفا: هەمان سەرچاوە، ل١٥؛ عبدالله مشعل عبیدات واخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

٤٦ - شاهۆ عوسمان: دەروازەیەک بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاری: سەرچاوەی پشوو، ل٤٦؛ د.ربحي مصطفی علیان، د.امین النجداوي: ل٢٥٠.

٤٧ - شێرزاد سەعید محەمەد: سەرچاوەی

پێشـوو، ل١٣.
٤٨ – شـاهۆ عوسـمان: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤٥-٤٦.
٤٩ – فەهیـم مسـتەفا: سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٦.
٥٠ – مـاري جميـل فاشـة: دليـل المـدرس فـي انشـاء مكتبـة، دار الشـروق للنشـر والتوزيـع، الطبعـة الاولـى، الاردن، ١٩٨٣، ل٣٧.
٥١ – جـوان عەبدولعەزیـز: گرنگـی و چۆنیەتـی بەکارهێنانـی پەرتووکخانـە، گۆڤـاری پـەروەردە و فێرکـردن، ژمـارە (٤)، سـاڵی ٢٠٠٩، ل٢٣٨.
٥٢ – فەهیم مستەفا: سەرچاوەی پشوو، ل١٨.
٥٣ – کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.
٥٤ – کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.
٥٥ – شـێرزاد سـەعید محەمـەد: بنەماکانـی پێرسـت و پۆلێـن، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣.
٥٦ – جـەزا ئەحمـەد قەرەداغـی: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٨.
٥٧ – فەهیـم مسـتەفا: سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٥.
٥٨ – عبدالله مشـعل عبيدات واخرون: سـەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.
٥٩ – د.ڕەحمەتوڵـڵای فەتاحـی: پۆلێنکـردن بنەمـا و شـێوازەکان، و: بورهـان شـاهمورادی، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ل٢٣.
٦٠ – کۆمەڵـەی کتێبخانـە و زانیارییـەکان: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٠٣.
٦١ – شـێرزاد سـەعید محەمـەد: سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣.
٦٢ – عبدالله مشـعل عبيدات واخرون: سـەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.
٦٣ – وزاره الثقافة: سەرچاوەی پێشوو، ل٩.
٦٤ – فەهیـم مسـتەفا: سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٦؛ فريـدة محمـد عبدالعـال علـي، ص٢٥.
٦٥ – وزارة الثقافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
٦٦ – عبداللـه مشـعل عبيـدات واخـرون: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٥٠؛ کۆمەڵـەی کتێبخانـە و زانیارییـەکان، سـەرچاوەی پێشـوو، ٢٠٤.
٦٧ – شـێرزاد سـەعید محەمـەد: سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣.
٦٨ – د. ڕەحمەتوڵـڵای فەتاحـی: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٦.
٦٩ – عبدالله مشـعل عبيدات واخرون: سـەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠-٢٥١.
٧٠ – وزارة الثقافة: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
٧١ – د.ڕەحمەتوڵـڵا فەتاحـی: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٦.
٧٢ – فەهیـم مسـتەفا: سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٦.
٧٣ – فەهیم مستەفا: هەمان سەرچاوە، ل١٧.
٧٤ – کۆمەڵـەی کتێبخانـە و زانیارییـەکان: سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٨٤.
٧٥ – وزارة الثقافة: سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

## سەرچاوەکان

### کوردی:

١ – ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی، شاهۆ عوسمان: زانستی پێرست و پێرستکاری کتێب، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، ٢٠١٧.
٢ – جەزا ئەحمەد قەرەداغی: کتێبخانە لەنێوان سـەرهەڵدان و ناسـیندا، چاپخانـەی شـڤان، چاپـی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٣.
٣ – د. ڕەحمەتوڵڵا فەتاحی: پۆلێنکردن بنەما و

شێوازەکان، و: بورهان شاهموورادی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.
٤ - د.ربحي مصطفى عليان، د.أمين النجداوي: دەستپێک لە زانستی کتێبخانەکان و زانیارییەکان، و: شێرزاد سەعید محەمەد، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم، سلێمانی٢٠١٢.
٥ - سوند دال: مێژووی کتێب، و: ئەدهەم ئەمین، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٨.
٦ - شاهۆ عوسمان: دەروازەیەک بۆ زانستی کتێبخانەکان و سەنتەری زانیاری، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.
٧ - شاهۆ عوسمان سەید قادر: کتێبخانەی قۆتابخانە و خوێندنگەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٧.
٨ - شێرزاد سەعید محەمەد: بنەماکانی پێڕست و پۆلێن لە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکاندا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠.
٩ - شێرزاد سەعید محەمەد: لەبازنەی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکاندا، چاپخانەی کارۆ، بێ چاپ، سلێمانی، ٢٠١١.
١٠ - فائزە ئەحمەد: مێژووی کتێبخانەکانی هەولێر، چاپخانەی هونەر وڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢٢.
١١ - فەهیم مستەفا: پۆلێنی کتێب، و: یاسین قادر بەرزنجی، چاپخانەی شەهاب، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٢.
١٢ - کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان: کۆنفرانسی یەکەمی کتێبخانە و زانیارییەکان، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٣ - کۆمەڵێک نووسەر: چەند تیشکێک لەخۆری شارستانێتی ئیسلامی، بڵاوکراوەی توێشووی قەڵەم، چاپخانەی ڕێنوێن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١.
١٤ - هەژار موکریانی: چێشتی مجێور، بێ چاپخانە، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧.
١٥- یاسین قادر بەرزنجی: زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٠.

**نامە و تێزە ئەکادیمییە بڵاونەکراوەکان:**

١ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: کتێبخانەکانی عێراق و ڕۆڵیان لە پێشخستنی شارستانێتی ئیسلامیدا (١٣٢-٤٤٧ک / ٧٥٠-١٠٥٥ز)، (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، ٢٠٢٣

**عەرەبی:**

١ - زكي مصطفى عليان: دور الكتب والمكتبات فى الحضارة العربية الاسلامية، ج٢، مركز الدراسات الفكرية للنشر، القاهيرة، د.س.
٢ - عبدالله مشعل عبيدات واخرون: أسس الفهرسة والتصنيف، دار الميسر للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٢.
٣ - د.فريدة محمد عبدالعال علي: آليات تصنيف المكتبات، دار المعتز، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠١٥.
٤ - ماري جميل فاشة: دليل المدرس فى إنشاء مكتبة، دار الشروق للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، الاردن ١٩٨٣.
٥ - وزارة الثقافة: مختصر التصنيف في المكتبات ونظام ديوي العشري، منشورات وزارة الثقافة، مديرية المراكز الثقافية، سورية، ٢٠١١.

**گۆڤار:**

١ - جوان عەبدولعەزیز: گرنگی و چۆنیەتی بەکارهێنانی پەرتووکخانە، گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن، ژمارە(٤)، ساڵی ٢٠٠٩.